جوتیار

# چڕەی باوەڕ



ساڵی

١٤٠١هـ ١٩٨٠م

# بۆ هۆنراوەکانم

صالح

ئەی تین و هەست و گیانم
بڕیارەدەم
بە باوەڕم . . . بە ویژدانم
لە سەر بناغەی ژیری
هەتا مانم
داتەڕێژم هاوارەبەم ... بۆ کێ ؟
بۆ ئەوەی جوامێرە . . دەنگ دلێرە
کە بیر و باوەڕ دەکەم
بە هەوێنی گیرسانت

(()) (())

ئەی هۆنراوەکان ... گەرم و گوڕبن
لە ناوەڕۆکا پڕبن
چونکە تەووژمی جوڵانت
پێم دەڵێ بە سروەی ژان

تا باوەشی کوردستان
جگە لە ئێوە ئەم بۆ ، پەیرەوانیشت با کەم بێ
هێشتا بەسمە
چونکە نەتیسی پێزی تۆن
ژانی گەل و نیشتمانت

(( ))

هۆنراوەکان
بڵێن بە گەل
گەر دەپرسن لە سامانم
وەڵام ، گڕی بانگەوازم ... چەکی دەسمە
تاکە هۆی شانازیمە
کەوا لە ( کۆمەڵەکەی خوا ) م .. خۆم و بڕوام
مایەی سەرفرازیمە
هەتا ماوم
بۆ دوو دڵی چۆنم هەروام

(( ))

هۆنراوەکان
لەگەل دڵە پاکەکانا هاوارەکەم
ئەم جیهانە بێدارەکەم

له نێو جەرگەی ژیانا
لە گەڵ مردن و مانا
هەر ئەڵێم بژی ئیسلام
تا سەرەنجام دێتە ئاکام
جوتیاریش بە هۆنراوە
بەو پیتەی
کە شیاوە
شۆڕشی دڵی دەست پێ دەکا
تا بە خزمەتی خوا دەکا

١٩٨٠/٤/١٦

# منداڵانی سەرگۆڵان

منداڵانی سەرگۆڵان
بزانم کێ زوو دەکا
مامە گیان هەموو هاتین
ڕۆڵە گیان بۆم هێناوون
بڕۆنەوە بۆ ماڵێ
پەروەردەی من وا مەکەن
بۆ منی نەشارەزا
کاتێ لە ماڵ چوومە دەر
خۆمی پێ بخەڵافێنم
هەربەوە ڕازي نابم
من کە پیاوی دوا ڕۆژم
ئەوەك بەوێنەی هەندێ
ڕۆژانەی ئامۆژگاری
لە ڕۆژانەی پارەکەم
دەی منداڵە ژیرەکان
زوو دەکاتەوە ماڵێ

وەرن ئیشم پێتانە
ئادەی چاوم لێتانە
چیت هێناوە بە دیاري
چاکترین ئامۆژگاری
بڵێن بە بابەو دایە
بۆچی ئەمدەن بەزایە
بەش بدەن لە مۆچیاری
کام جۆرە چەشنی یاري
پێی بەرزە بێ ڕەووشتم
پارە بنێیتە مشتم
ئەبێ بۆی ئامادە بم
تێ نەگەم و سادە بم
کوا پێویستم پێیەتی
زیاتر چاوم لێیەتی
بزانم کێ دلێرە
پێی دەڵێم بێچووە شێرە



# خوشکی ئافرەت

صالح

خوشکی ئافرەتی پاک داوێن
ئەی ناسکۆڵەی ڕوومەت خاوێن
بەتۆیە سەربەرزی کۆمەڵ
ئەی بۆ ڕزگاری تۆی مەشخەڵ

میللەت کاتێ بەختیارە
کە دی ئافرەتی هۆشیارە

بناغەی شارستانیەت
نرخ و ڕێزی ئینسانیەت
وا بە پەروەردەی منالۆ
کەتۆ خەریکی لە مالۆ

میللەت کاتێ بەختیارە
کە دی ئافرەتی هوشیارە

کۆشی تۆ قوتابخانەیە
ڕزگار کەری تەنگانەیە
زیاد لەمانەش تۆ شیاوی
کە هۆی کامەرانی پیاوی

میللەتەکانی بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

بۆ ئەوەی تۆش بەختیار بی
پێویستە ئەگا خوێندەوار بی
بەرگی ئیسلامی لەبەر کە
جا قوتابخانە بەسەر کە

میللەتەکانی بەختیارە
کە دی ئافرەتی هۆشیارە

بۆ ئەوەی نرخت بمێنی
بازاڕی نازت نەشکێنی
ئیسلام بکە بە ڕێبازت
داوێن پاکی بە نیازت

میللەتەکانی بەختیارە
کە دی ئافرەتە هۆشیارە

ڕۆژی بە ڕەوشت نێراوە
مەلی هەنگاوی کوژراوە
سودی خۆتە داوێن پاکی
ئەی بۆ ڕێگای ژین ڕووناکی

میللـەت کاتێ بـەختیارە
کەدی ئـافـرەتی وشـیارە
بە هۆشیاری کەس مەبە کۆیل
مەکەوەرە شـوێنی مۆدێـل
هەنـدێ بۆ مەیلی ئـارەزوو
دەیانەوێ بتکەن بـەدخوو
میللەت کاتێ بـەختیارە
کەدی ئـافرەتی هۆشـیارە
مەکەوە شوێن باوی پاریس
لایان بـەرزە داوێنی پیس
نرخی تۆ وا لـە قورئانـدا
لـە ڕەوشتی موسـلمانا
میللـەت کاتێ بـەختیارە
کەدی ئـافرەتی هۆشـیارە
لە مێژووی خۆت ورد بەرەوە
لـە ڕابووردووت بیر کەرەوە
ئیسـلام پێتی دا ڕزگـاری
سەربەستی پێدای بە دیـاری

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

لەژێر ستەمکاری پیاوا
تۆی دەرهێنا لە ناکاوا
لەسەر بناغەی خێزانی
ڕێزی دایتێ بە لێزانی

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

خوشکم دەتۆش بە وەفابە
بەندەی ڕاستەقینەی خوا بە
نەك بە وێنە هەندێ ولات
تەنیا ئابڕۆی ئافرەت ئەبات

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

کەس ناڵێ ببە بە دیل
بەرامبەر پیاو بژی زەلیل
ئیسلام ئەڵێ مەژی هەرزە
مافی ئافرەتی لا بەرزە

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئەوەی بەناوی دینەوە
چاوت ئەدا بە شینەوە
با بزانێ زۆر نەفامە
یەکەم دوژمنی ئیسلامە

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئافرەت ئەمانەتی خوایە
لە گەردنی پیاواندایە
نابێ ژن بکرێ زیندانی
بە دەقی بەڵگەی قورئانی

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئەوەی مافی بۆ ژن دانانێ
بێ دینە و بەخۆی نازانێ

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئەوەی بەناوی دینەوە
چاوت ئەدا بە شینەوە
با بزانێ زۆر نەفامە
یەکەم دوژمنی ئیسلامە

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئافرەت ئەمانەتی خوایە
لە گەردنی پیاواندایە
نابێ ژن بکرێ زیندانی
بە دەقی بەڵگەی قورئانی

میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

ئەوەی ماف بۆ ژن دانانێ
بێ دینە و بەخۆی نازانێ

ئایین مرۆڤی لا بەرزە
ڕێزی هەموو کەسێ فەرزە
میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

بێ جیاوازی چ پیاو چ ژن
چون یەك، بەندەن بۆخوای مەزن
ئەو کەسە لای خوا بەڕێزە
کە خوا پەرستی بەهێزە
میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

دەسا خوشکی خاوەن هۆشم
ئەی بۆ ڕزگاریت پەرۆشم
خۆت و دڵسۆزی خەباتت
بۆ گەیشتن بە ئاواتم
میللەت کاتێ بەختیارە
کەدی ئافرەتی هۆشیارە

کوێ ڕایەڵ بە بۆ فەرمانی
بلیمەتانەی قورئانی
بۆ ئەوەی گەل کامەران بێ
دەبێ هەموو موسڵمان بێ

میلەت کاتێ بەختیارە
کە دی ئافرەتی هۆشیارە

# سەرچڵ و هۆشیار

سەرچڵ :

دەرچووم لەماڵێ بۆ ئامۆژگاری
ڕووە و کۆڵانی گێلە ئەتواری

بۆ دانـــە دۆزی هاوەڵی بزێـو
بۆ زرمە زلێ بۆ شـەڕە جنێو

بۆ شێواندنی ئارامی کۆڵان
بۆ گەوزاندنی سەلوێنێکی خۆڵان

بۆ ئازاردانی ڕێبواری نـــەناس
بۆ دەرمالانی لە ئێمە هەراس

وەکو ڕەوشتی زۆربەی منداڵی
سەردەمی ئەمڕۆی تەمەن دەساڵی

لە ناخی دڵمۆ کردم بە کاڵە
تا کۆی کەمەوە هەرچی منالە

کەچی هۆشیارم بینی لە دوورۆ
زۆر بە ئارامی ئەمات لە ژوورۆ

بە زەردەخەنە بەرەو ڕوومە هات
زانیم کە (عەسرە) بۆ مزگەوتە ڕوات
کەیبە لام وتی مەرحەبا سەرچڵ
وتم سەرچاوم هاوەڵی عاقڵ
وتی نا سەرچڵ پێم مەکە یاری
تۆ لەمن زیاتر زرنگو هاری
وتم نەزانم من زۆر بزێوم
بەڵام پەروەردەی شەڕە چنێوم
ڕۆژ نیە شەری یەکێ نەشکێنم
خۆزگە ئەمتوانی وازی لێ بێنم
منیش وەکو تۆ دامەزراوە بووم
لە هەڵس و کەوتا وەها پیاوە بووم
پێم نالێی هۆشیار کێ وای لێ کردی؟
لای ئێمە بەرەو مزگەوتی بردی

**هۆشیار :**

وتم سەرچڵ گیان لەبیرت نایە
بە پەرۆد کەوتینە شوێنی کابرایە
سەرمان شکاندو خوێناویمان کرد
لە ترسا پەنای بەو مزگەوتە برد

ئەوەبوو (هەڵکەوت) بانگی لێ کردم
بەو شەقامەدا لا بـــەلای بردم

**سەرچڵ :**

باشە وشیار گیان مەبەستی چی‌بوو؟
لەناو هەمووماں تۆی هەڵبژنی‌بوو؟

**هۆشیار :**

ئەزانی سەرچڵ وای پێ سەلمانم
کاری کردە سەر هەستو ویژدانم
تـەریق بوومەوە لـــەو نەفامیەم
لـــەو کردەوانەی پڕ بێ تامیەم
بـەڵێنم دایـــە وازی لێ بێنم
بڕۆم لە مزگەوت قورئان بخوێنم
ئێستە بوومەتە قوتابی قورئـان
نوخشەبێ لەتۆیش کاکە سەرچڵ گیان
وەرە بۆ مزگەوت تێبگە لـەژین
لە ڕەووشت بەرزی ڕێنمایی دین
بزانە هەرگـــیز وازی لێ دێنی
یا هەرگیز دڵی خەڵکی دێشـێنی

سەرچڵ تۆبی‌و خوا دڵم مەشکێنە
ئـەم داخوازیــەم بەدی بێنە

باپێکـوو بێین بە بوای دینی
کەمن هەڵمژین گڕی ئـەوینی

دینی ئیسلامی پڕ لە پێشکەوتن
تاکە هاندەری هەوڵو نەسرەوتن

وا بزانـم ئیتـر هاتووە کـاتی
جیهان بەئیـسـلام بدرێ نەجـاتی

لەو تاوانانەی کە دوژمنـانی
لـە دڵی هەموو لاوێـکا چانی

## سەرچڵ :

بەراستی هۆشـیار منیش ئامادەم
ببم بەخوا ناس لەم بەزمە لادەم

تکات لێ ئەکەم ڕزگارم بکـە
دڵم نەخۆشـە و تیمارم بکـە

هەتا ئەمکەیتە قوتابی قورئـان
هۆشیار ، تۆبی‌و خوا دەستم بەدامان

## هۆشیار :

سەرچڵ گیان کۆڕی مزگەوت هەمیشە
میوان پەروەری دەکەن بە پیشە

چونکە فەرمانی خوای میهرەبانـــە
بەخشینی هەرچی هەڵەو تاوانــە

لەسەر ئەوانەی واز لـە نـەفامی
دێنن ڕوو دەنێن بەرەو ئیسلامی

تۆش کە لاوێکی دەروون خاوێنی
لـە هەڵـەکانت بێتو واز بێنی

لای خوا ئەوەندە پلەت بەرزە بێ
ڕێز لێ گرتنت خەیـلی فەرزە بێ

دەش لێم بە(هەڵکەوت)مژدە بێ سەرچڵ
لـــە ناخی دڵـدا ڕواندویە گوڵ

دەبێ بیکەینـە بـرای دینیمان
بیخەینە کۆڕی ڕێکـە بینیمان

هەتا فێرەبێ قوورئان پەروەری
دەبێ ببێتـــە ڕێ پیشـــاندەری

چونکە بەڕاستی هەڵکەوت لێزانە
زۆریش پەرۆشی ڕێ پیشان دانە

سا فەرموو سەرچڵ ئیتر مەوەستە
بابڕۆین بـەرەو ئـەوەی مەبەستە

بەجووتە :

خوایە واهاتین بۆ فیداکاری
بە نیازی دڵمان تۆش ئاگاداری
ئێمەی لاو بکە بە شۆڕە سواریٚ
ئاڵای ئەفامی بێنینە خواریٚ
یا لەو ڕێیەدا بینە قوربانی
وەرگرین پلەی هەمیشە مانی

١٩٧٩/١٢/٣١

# لەگەڵ خوادا

صالح

لەگەڵ خوا دا بە پەنهانی
لە بێزی خاك منی هانی
بۆ بوونەوەر بۆ دا هاتوو
لەگەڵ خوادا نەك من ، هەموو

لەگەڵ خوادا چرۆی ژیان
دەست پێدەكەم تاكو نەمان
لە كارگەی منداڵدانا ...
بۆ سەر زەوی لە ژیانا

پەیمانی بەندایەتی
دڵ ، تاكە ڕێگایەتی
دەبەستم ، نای شكێنم
بڵندی خۆم دەسەلمێنم


بـۆ ئەوەی بـــزانم چیم
لەگەڵ خوادا ئەبێ بـژیم
پەیوەندی وا گەرمەکەم
هەزاران دڵ نەرمەکەم

بەویستی خوای پەروەردگار
هەستەکان ها بێنە کار
لەگەڵ خوادا بکەونە گەشت
بەرە و کاروانی بەهەشـت

ئەژیم ئەمرم لەگەڵ خوادا
لەسەر نەخشەی پێشەوا دا
کە فەرماندەو پێغـەمبەرمە
تاکە ڕێگا پیشانـــدەرمە

لە گەڵ خوادا قورئانەکەم
تاکە چـرای ژیانەکەم
دەکەم بە تاکە بـــڕیـار
مامۆستامە تا گـۆڕی تار

١٩٨٠/٤/١٩




شەوێکی سامال تریفەی مانگە شەو دوانەمی بەناسـتەم پێی وتم لە بیرتە (پێشەواکەت) زۆربەی شەوان بە دەم سەرنجی منەوە چاوە جوانەکانی دەچووە خەوی ئارامی بەڵام ئارامیەکی پڕ لە بێداری .

بۆیە منیش ڕلزم لە تریفەی مانگە شەو ئاو لە ژێر سەر دێڕی نیگای پێشەوادا وتم :

تریفەی جوان هەڵکەری سۆز
دامـرکێنێ دڵـی ئاڵـۆز

باوەشێـن کە نازی سـەرنج
لە ئەنـدێشـە بـڕوێنە بـشـج

ئەو چـاوانەی کـە بێدارن
قەتیـسـی ئـاهـو زارن

وای دەبـڕنە ئـەو تـریفە
ئـەو حەرمانەی کە زەریفـە

بۆ ئارامی کوڵی دەروون
لێکی ئانێ بۆ شەبەیخوون

جێی خۆیەتی لە تۆ بدوێم
چەشنی پەیکەر پیاتا بڕوێم

چێکە سوێنی داد پەروەری
بۆیە جوانی ، شەو خەبەری

ئەوەی لە تۆ ئەیکا بگالۆزێ
شادمانە بەبزێ و بەسوای

# ئاوێکە شەو

صالح

خۆراوایە و زەردە نەما
مارو میروو کەوتنە سەما

گورگ وچەقەل بەلوورە لوور
هاوار ئەکەن هاتن لە دوور

برسیمانە زۆر هیلاکین
بۆ میوانی دەورەی لاکین

ئەستێرەکان بەڵێ زۆرن
کەی بەوێنەی تیشکی خۆرن

پرشە ماون ، بێ هـــوودەیە
خەڵکی بەخۆر ئالودەیە

ڕووناکیان لە کوێ دیارە
مەر بۆ سەرنج یا شەوارە

مانگەکەشمان لە پەنایە
بۆی مەگەڕێن بەبێ فایە

نە لایتێ نە چرایە
نە تروسکەی کارەبایە

ڕێگا سەخت و گەندەڵانە
یا زەلکاو و بێشەڵانە

ڕاستە شەقام لێمان لادا
بە ناو دڕک و گژوگیادا

جار و باریش هەورێکی ڕەش
ئەستێرەکان ئەکا بەش بەش

ئەم هەردەمان ناوەتە مل
بەسەر سم دان بەتەپاو تل

سەر و کوێلاک قرنجاوین
بەژن و باڵا قلیشاوین

هەنگاو ئەنێین بە کوێرانە
ناو نراوە دلێرانە

فیت و فاتی مارو دووپشك
بۆژێر ئەملاخ بۆکونی مشك

ئەرۆم بێ ترس کەچی ناکاو
تا سەر دڵم چەقیە زەلکاو

پێڵاوەکەم بەجێ ماوە
تەوقی سەرم هەر قوڕاوە

حاڵی من و هەموو لایە
بە خوڕایی چوو بە زایە

بە ژێر پێدا بە ناو کەڵدا
ئاڵوزاون بە چەنگەڵدا

تا دێمە دەر بەسەد ئەزنەق
چنکە کووڕێ وسەد شەڕە شەق

کیان کەیوەتە بەری بێنم
بە ناو وێڵی شوێنی ژینم

کەچی مەرگەو ژیانی چی
هەنگاو بۆ پێش نیانی چی

حەیفو خەسار چیم بەسەرهات

بەبێ هـــودە کیانم دەرهـات

درنــــدەکان بە بـێ ئەندێش

وردە وردە لێـم دێنـە پێش

خوێنییان ئەوێ هەموو برسین

بۆ کیـانی من پڕ مەترسـین

لێم مەپرسن چـــۆنە حالم

دەستێ نیە بگـــری بـــالم

دەوم بێـــنێ لە زەلـکاوا

لەم تەلیسمـە لە نێــو داوا

بمبا بمبا تـا ســـەرەنجام

دەچمەوە ســـەر ڕاستە شەقام

مەرج بێ ئیتر بە مەرجی پیاو

لێی لانەدەم بە نێـو هەنگاو

هەزاران گورگ بکا هـاوار

کلکە لەقەم بـۆ بـکا مـار

نەکەومە شوێن دەستەی چەقەل
با بۆ خەڵکی نەبمە مەتەل

بە صەد ڕێوی تاقە فێڵێ
لە نێو دڵما جێ نەهێڵێ

لە ڕێگەی ڕاست ئەگەر بمرم
شەرتە هەر ئەو ڕێ یە بگرم

دەبا بەیەك دەست پێکەوە
شاڵاو بەرین بۆ پێشەوە

دەبا (جوتیار) لە سەر ڕاستی
چی دوڕندەن بێنە ئاستی

شەرتە بە هیچیان نەزانم
چونکە شەیدای خۆری جوانم

خۆرەکەشم خوا ناسیە
کە تاکە ڕێگای ڕاستی یە

تەنها بەوە بەختیاری
بە فامو هۆشی جوتیاری

١٩٧٦/٣/١٩

# خوایە

صالح

خوایە ئەی دروست کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشاندەر . . .

ئەی سازێنەری ڕێبازی چاکە
بە ناسینی تۆ بیرم ڕووناکە
جیهان بە ویستی تۆ دامەزراوە
بۆ خۆش بەختیمان پەرەت پێداوە

خوایە ئەی دروست کەری بوونـــەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـانەدەر . . .

خوایە تۆ منت کردە بەندەی خۆت
تا بۆ پەرستن کەردن کەچ بم بۆت
پێمت بەخشیوە هەستی بیرو هۆش
تا ڕێگای ڕاستی نەکەم فەرامۆش

خوایە ئەی دروست کەری بوونـــەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـانەدەر . . .

پەیمان بێ پەیمان بە کڕنوش بردن
هەر تۆ پەرست بم تا کاتی مردن
بێ باکم لەوەی لەتۆ یاخییە
چونکە نەفامی و بێ دەماخییە

خوایە ئەی دروست کەری بوونـــەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـانەدەر . . .

وامن ئەیبەخشم شیرین تر دیاری
ئەویش کە گیانە بە، فیداکاری
بەڵکو بتوانم بۆ سەر فرازی
هەردوو ژیانم، تۆ بکەم ڕازی

خوایه ئەی دروست کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشاندەر . . .

خوایە یا وەکو من ئاوانبارم
ناچارم بۆ ئەوی بێنم هاوارم
لەمن ئاوانەو لە تۆش بەخشینە
تا دەبمە خولیای تیشکی ئەم دینە

خوایە ئەی دروست کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشاندەر . . .

سەرنجێ ئەدەم لەم بوونەوەرە
کەبۆ ڕووناك بیری ڕێ پیشاندەرە
منیش دەکەومە شوێن بیری ڕووناك
هەڵی دەبژێرم ڕەووشتانی پاك

خوایە ئەی دروست کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشاندەر . . .


بڕیار بێ کاتێ کەییم بە ئەنجام
لە داری خۆشی ئیسلام کردم نام
بەرم سەر گەرمی قوربانی دان کەم
بۆ فیداکاری مەرج و پەیمان کەم

خوایە ئەی دروست کەری بوونـەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـاندەر . . .

یا ئالآی ئیسـلام دەبینم بـە چاو
یـا گیـانی خۆمی دەکەمە پێنـاو
بەڵکو ڕووم ببێ لـە ڕۆژی دوایی
بچمە نـاو کۆڕی سـەرنجی خوایی
خوایـە ئەی دروسـت کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـاندەر . . .

خوایە ئـەو ئاهەی لـە دڵ دێتەدەر
بیکە بە ووشـەی ( الله اکبر )
چونکە کلیلی لـە دەرگا دانـە
بۆ ئەو هەسـتانەی لای تۆ میوانـە
خوایە ئەی دروسـت کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشـاندەر . . .

دەسا ئەوانەی کە نرخیان تیایـە
با کەردن کەچ بن لەبۆ ئەو خوایە
بـەدی هێنەری گشـت بوونـەوەرە
خاوەن توانـاو ڕێ پیشـانـدەرە
خوایە ئەی دروسـت کەری بوونەوەر
خاوەن توانای ڕێگا پیشاندەر . . .




له مالی تەنهاییدا
ئاخۆ چۆن بێ ژیانم
له بازاری خوایدا
له کام شوێنه دوکانم
کام فریشته کریاری
تاوانەکانی من بێ
کێ هێنەری بەهار بێ
ژیانی نەمردن بێ
له نێو دوو توێی کفندا
له باوەشی کام خاکا

لە چۆی تۆڵە سەندن دا
لەمنی تەنیا و تاکا

چی بڵێم و چۆن بڵێم
پەنادەری بێ پەنا

کام دەنگە دێتە بەر گوێم
چۆنی لێ بکەم سەنا

تاریکە ، بێ سروەیە
زمان و گەروو وشکە

ئەم لاشە بێ مروەیە
کرمە ، مارە ، دووپشکە

لێی دەبەستن هێلانە و
ڕێچکەی پیا هەڵدەواسن

ئێوەیش دەیکەن شێلانەو
نەتان دیوەو نایناسن

ئەوەی بردی سامانم
گۆڕم نە شارەزایە

بەکێم بەخشیوە گیانم
بە فریادێکم نایە

ڕەنگە بەسەر چاومدا

داوەرێنێ خاك و خۆڵ

لە نازی ژاكاومدا

تێ پەڕێ بەبۆڵە بۆڵ

وەكو خەوی بێنیەبێ

بیکێڕێتەوە بۆ خۆی

لە جێی چی ناسینی بێ

بڵێ بە خوا تازەڕۆی

١٩٨٠/١/١

دێی هاوچەرخی ( عەنەب )

# ئەمن قوتابی ژیرم

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم
بە هەستی ئەم چاوانە
ئەبینم ئەم جیهانە

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

لە ئەستێرەو مانگو خۆر
گیاندارانی هەمە جۆر
هەمووی دروست کراوە
بە یاسا ڕاوەستاوە

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

بە ویستی پەروەردگار
هەموو لێم دەکەن هاوار
پەرستە ئەو خوایە
منی هێنایە کایە

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

ئەتۆش هەر بە وێنەی من
بە فەرمانی خوای مەزن
هاتی و ئەژیت و ئەرۆی
دیسانەوە بۆ لای خۆی

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

منیش وا ئەدەم بڕیار
بەندەم بۆ پەروەردگار
هەتا ئەوکاتەی ئەمرم
ڕێگەی خوا ناسی ئەگرم

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

چونکە هەر ئەوەم چاکە
پیشەی مرۆڤی پاکە
تەنها ڕێبازی خوایە
کە بەختیاری تیایە

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

وەری ئەگرم بەدیاری
بە هەستی فیداکاری
پاسەوانم پاسەوان
بۆ پارێزگاری قورئان

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

یاخود ئەبەخشم گیانم
یا ئەبیتە قەلغانم
صەد بارێش، کەمندالم
بە هەردوکیان خۆشحالم

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

لای ئەوانـــە کەمەردن
تێکۆشەر و نـەبەردن
کە بۆیان دەرکەو ڕاسی
گیان بەخت ئەکەن بۆ پاسی

ئەمن قوتـــابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بـــیرم

چاو داخستن لـە چاکە
پیشەی بەرەی ناپاکە
ئەوەی کە خواناس نیـە
خۆی ئەزانێ ڕاس نیـە

ئەمن قـــوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بـــیرم

منیش نابم بـــە پیری
یا وەك ئەو نەبم خوێری
ئـەژیم بە کامەرانی
بە ڕێکەی موســڵمانی

ئەمن قوتـــابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بـــیرم

منیش وەکو ئەوانە
ناسیان ئەم قورئانە
ئەکەومە شوێن پێغەمبەر
هەتا ئەبم بەختەوەر

ئەمن قوتابی ژیرم
خاوەنی هۆش و بیرم

# من رۆڵەی موسڵمانم

صالح

من رۆڵەی موسڵمانم
خاوەن دین و ئیمانم
پەروەردگارم خوایە
بۆ هاوەڵ و تەنیایە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

قورئانە پێشەوامە
هەست و بیر و بڕوامە
ڕێبازی ژیانمە
تروسکەی ویژدانمە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

قیبلەم کەعبەی پیرۆزە
بۆ دەربڕینی سۆزە
دوژمنەکەم شەیتانە
جنۆکە یا ئینسانە

محەمەد پێغەمبەرمە
فەرمودەی تاجی سەرمە

ئەوانەی موسولمانن
لام شیرین تر لە گیانن
هەتا ئەو کاتەی ئەژیم
هەر ئەڵێم بێ ترس و بیم

محەمەد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

دروشمێکی پیرۆزە
دەڵێم بە هەرچی سۆزە
موسڵمانم موسڵمان
هەتا کۆتایی ژیان

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

چونکە ڕێبازی خوایە
کە بەختیاری تیایە
ژینێکی دامەزراوە
هەتا بوونەوەر ماوە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

هەندێ ڕێباز ئەناسم
بە خۆیان ئەڵێن ڕاسم
بەڵام تا بڵێی لارە
هەر بە ئاشکرا دیارە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

بە قسەی لووس و پاراو
هەندێ کەس ئەنێنە داو
ڕاوی دەروونیان ئەکەن
پەستو زەبونیان ئەکەن

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

لەبەر پەری گیرفانی
ئەیانکا بە قوربانی
منیش ئەمەم بینیوە
لە نێو دلما چەقیوە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

کە شوێن پێغەمبەر کەوم
بە سەریانا سەرکەوم
نەبم بە پیاوی هیچ کەس
قورئان بناسم و بەس

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

چونکە بێ ریا و بەرزە
شوێن کەوتنیشی فەرزە
ئەوەی نایە لە شوێنی
بێ گومان ساردە خوێنی

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

ویڵە لە ڕێی ژیانا
وا لە پێستی حەیوانا
مرۆڤێکی بێ سوودە
ژینی ئەڕوا بێ هوودە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

ئەی ئەوانەی کە زانان
بە بیرو هۆش و توانان
ئیسلام هەمووی زانینە
فەرموو وەرە بیبینە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

گەر دەبینی موسلمان
ساویلکەیەو هیچ نەزان
ئەوە سووچی خۆیانە
نەشارەزای قورئانە

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

بۆیە ئەبێ بزانی
نرخ و ڕێزی ئینسانی
هەمووی وا لە قورئانا
یا لە فەرموودەکانا

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

بە بێ دڵڕەقی و کینە
سەرنج بدەن لەم دینە
ئەگەر ببینیتان لاری
ئەوسا بیکەن شکاری

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

بەڵام تۆی بێ زانیاری
دەس نادەی بۆ هۆژیاری
ئەگەر بە خۆت نازانی
دووری لە کامەرانی

محمد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

با لەلای خۆت پسپۆربی
خاوەن نووسراوی زۆربی
مادام بە دڵ و بە گیان
نەکەویتە شـوێن قورئان

محمــد پێغـەمبـــەرمـە
فەرموودەی تاجی سەرمە

بێ گـومان هـەر نەفامی
دوور لە ڕاستە شەقامی
چـــونکە هەتـا هەتایە
قورئان تـاکە چـــرایە

محمــد پێغـەمبـــەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

ئەوەی دوورە لەم ڕێیە
نەفامە لە هـەر کوێ یە
چونکە بـیری بێ کارە
هەڵـوێســتی نـــالە بارە

محمــد پێغـەمبـــەرمـە
فەرموودەی تـاجی سەرمە

بەدی ناکا تیشکی خۆر
منیش ، تا ئەمنێنە کوێر
ئیسلامە ڕێبازی دڵ
هەتا ئەکەم بە مەنزڵ

محمـــد پێغەمبەرمە
فەرموودەی تاجی سەرمە

# سۆزی بۆ باوك

صالح

بابە ئەی مەردی ڕێی خەباتی ژین
ئەی بۆ ئەمامی ژیانم پەرژین
ئەی سەرچاوەکەی پڕ بەختەوەریم
ئەی ئەڵغانەکەی ڕێی دەردی سەریم
ئەی حەسرەت کێشی بوون و نەبوونیم
ئەی غەم خۆرەکەی کاتی زەبوونیم
ئەی تیمارکەری برینی کاریم
ئەی پشتیوانی ڕێی بەختیاریم
ئەی ڕێبوارەکەی مەنزڵی دووریم
ئەی شەماڵەکەی پڕ لە سەبووریم
ئەی قۆناغەکەی تفەنگی دەستم
ئەی جوڵێنەری ئاوات و هەستم
ئەی نێچیرەکەی داوی مەینەتیم
ئەی چەکەر سۆزی کاتی نەگبەتیم

بابە ئەی چرای تروسکەی ژینم
ئەی نەسیمەکەی پڕ هێزو تینم

بابە ئەبێ چاو ساقی منی
بابە غەم خۆری ئەخلاقی منی

بابە بێ سەروەت جەوهەری منی
بابە بێ گومان گەوهەری منی

بابە ئەبێ کەس و کارمی
تۆ سازێنەری کاروبارمی

خەڵکینە باوکی چاك ئەبێ وابێ
بۆ ڕۆڵەکانی وا گیان فیدا بێ

کەم کەس ئەتوانی وەك ئەم فیداکار
کەلیمەی باوك نەگێڕێ خەسار

صەد حەیف هەموو کەس پێی ئەڵێن بابە
هەڵوێستی باوك بەرز و نایابە

پیاوی خۆی ئەوێ کە بیسەلمێنێ
وەکو باوکی من کە بیچەسپێنێ

خۆی ئەڕەنجێنێ بۆ کامەرانیم
ژینی پێ ئەساوە بۆ میهرەبانیم

چاوی نابینا دەستی بە کۆچان
منی بەخێو کرد هەر بەرەنجی شان

نەک هەر تەنها من بەڵکو سێ چواری
ملی شۆڕ نەکرد بۆ هیچ زۆرداری

ئێمەی ڕاهێنا بژین بە ئازاد
خۆی دڵ بەئازار ئێمە بە دڵشاد

تا وای لێکردم کردمی بێ خەم
دەستی ڕاهێنام بە هاوڕێی قەڵەم

چاوی ڕاهێنام بە سەیری خامە
کردی تیماری ئەم هەموو زامە

نەیویست ژیانی ئەم عالەو ئەو ماڵ
ڕەزالەت ژیاو دوور لە پیشەی سواڵ

لەگەڵ چەپۆکی سەختی زەمانە
لەگەڵ نەبوونی و تاڵی ژیانە

لەگەڵ ئازار و دەردو نەخۆشی
چەکی کێ بەرگێ بۆ هەموو پۆشی

هێزی خستە سەر قەڵی کۆچانی
منی بەخێو کرد بە ڕەنجی شانی

لە هەمووی چاکتر بۆی بەجێ بەڵام
بیری خواناسی و باوەڕی ئیسلام
خوا نەخواس گەر ئەو شتێ تر بوایە
بە نەفامانە کۆشی کردمایە

ئەو کاتە منیش سەرگەردان ئەبووم
لە هەردوو دنیا ماڵ وێران ئەبووم
بەڵام صەد شوکر کە خۆی خواناسە
هەر بۆ منیشی تێکرد لەو کاسە

لایەق بەتۆیە ووشەی پاڵەوان
هەزار ئافەرین باوکی میهرەبان
پەروەدەی کۆشەی نوکتە بازیتم
ئالودەی مەیلی دڵ ئەوازیتم

نەمامی دەستی گەرما و سەرماتم
لە گەلێ لافاو لاو دا حەیاتم
دڵت ڕەنجەڕۆی کەیف و شادیمە
کۆشتت بۆ قووتم ئەکەی بە قیمە

بابە لە ئاستت ڕوو زەردی خوا خۆم
خەسارۆمەندی ووشەی وەفا خۆم

خەڵکی ئــەم چەرخە وەها کوژراوە
ڕەنجی دایـك و باب هەمووی دۆڕاوە
منداڵ پێ کەیی ئــەختێ خۆی ناسـی
باوکی یا دایکی دی بە کەســاسـی
ناو چاوی ئەکا لێی بە هەوری تــاڵ
دەریە پەڕێنێ ئەی نێرێ بۆ ســواڵ
دایکی ئــەنێرێ بۆ کارەکەریی
هەتا خۆی بژی بە بـــــەختەوەریی
ئیتر لە بـیری نایـــــە لەوەو پێش
چۆنیان پـێ کەیان بەصەد کێشەکێش
لە بیری نایـــــە چی بۆ کراوە
پەیمان و وەفا ئەڵێ بـــــەو لاوە
یا لـــــەبیریەچێ ڕۆژێك دیتە پێش
ئەویش دەرئەکەن بەمرخێش مرخێش
وا بۆ نموونـە ئــەم نوکتە جوانە
ئەگێڕمەوە لەســـــەر زەمانـــــە
بیســتوومە ئەڵێن لــە زەمانی زوو
پیـاوێ کوڕێکی نــامەردی هەبوو

نایە بەر خوێندن بە هەزار جەفا
تا تەواوی کرد ژنی بۆ هێنا
بوو بەخاوەن ماڵ دای ئەنا لە ژوور
گیرفان دایم پڕ لای هاوەڵ ڕووسوور
هەتا وای لێهات کوڕە پێ کەیی
لە ماڵ و سەروەت تەماع تێ کەیی
لەسەر فەرمانی خێزانی فێڵ باز
هەردوو بەجووتە لەماڵ بوون دەرباز
باوکی بەناچار سامانی هەموو
هەمووی پێبەخشین هەر چیەکی هەبوو
باوک هەژار کەوت بێ نان و بێ ئاو
خۆشی ژیانی لێ بوو بە زوخاو
دەرفەتی نەما دەستی دایە سوال
شانی دایەبەر ئەم ماڵ و ئەو ماڵ
هاوین بەسەرچوو زستان هاتە پێش
لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ بە ئازارو ئێش
ڕۆژێ هەڵی کرد تۆف و بارانێ
بۆ هاوسێ ماڵ چوون هیچ کەس نەتوانێ

پیاوەکەش عومری بەرەو هەشتایە
ملی پەڕوا و لاقی لە شوێنی نایە

باڵای ئەمامی بووەتە حەرفی دوو
قۆڵ و بازوڵەی باریک وەک دەزوو

ملی ئەستووری بەرەکێ بەنە
ئەوسا هەڵچووبوو وەک داری خەنە

وەکو قنگلاشک با هەڵیە سوڕان
یاری پێ ئەکرد کۆڵانە و کۆڵان

بەهەر نەوعێ بوو خوارێکی خست بۆی
ڕێی کەوتەوە لای بەرماڵەکەی خۆی

تەق دای لە دەرگا بۆی بکەنەوە
کوڕ و بووک بێن و زوو بیبەنەوە

کوڕەزایەکی هەبوو پڕ کەماڵ
پەلاماری دا کە بیباتە ماڵ

باوکی تووڕە بوو ووتی بێ حەیا
دایکت بزانێ ئێمەش دەرئەکا

بڕۆ ئەو لێفە شڕە بەرە بۆی
یا بڕواتەوە بۆ جێکەکەی خۆی

کوڕەکەش هەستا مەئەستی هێنا
ویستی لیفەکەکە بە دووڵەت بکا

باوکی تورەبوو ووتی بۆی بەرە
سەرمایە ڕۆڵە باوات لە دەرە

دەرگای ژوورەکە پێشوەدە ساردە
زوو جێبەجێی کە ئەم ڕاسپاردە

کوڕەکەش ووتی ئاخر بابە گیان
لیفە ئەکەمە دوو کەرتی یەکسان

نیوەی بۆ باوام ئەویشی بۆ تــۆ
چونکە تۆیش ئاوا ئەبێ ڕەنجەڕۆ

ئەو کاتە منیش پاشی ژن هێنان
پەلت ئەگرم و ئەتکەمە کۆڵان

چونکە وەسیەتی جەنابت وایە
ئەم لێقەومانە تۆیش لە ڕێتایە

باوکی لەمەی بیست بیری کردەوە
پەنجەی خۆی گەست و تاسی بردەوە

دەستی باوکی گرت لێی پاڕایەوە
زۆر بە تەریقی دڵــی دایەوە

سوێندی خوارد ووتی تا باوکم مابێ
من خزمەتکار بم ئەویش ئاغا بێ
زۆربەی منـدالی ئەمــڕۆ وەهـایە
لەگەڵ باوکی خۆی وا بێ وەفـایە
هەر خۆی ئەوەیشە لە ئیسلام دوورین
بۆ بێوەفایی خەیلێ چەستوورین
چونکە ئیسلام وا فەرمـانی داوە
لەپاش خوا ناوی هەردووی (١) هێناوە
ئەفەرموێ خۆمان زەلیل بنوێنین
هەرچیە کیان فەرمووگورج بەجێی بێنین
پێیان نەڵێین ئۆف کەردن کەچیان بین
ڕێزیان لێ بگرین هەتاکو ئەژین
قەد ڕانەوالین دڵیـان نەشکێنین
وەك ئەم ڕووداوە خۆمـان ئەنوێنین
کۆلانێکم دی بکـــرەو هەرایە
ئەهلی گەڕەکی پیرو جوان تیایە
کوڕێك باوکی خۆی دابووە بەرشەق
ژنەکەیشی دەسـتی دابووە چەڵە چەق

---

(١) هەردوو : واتە دایك و باوك .

ئەیوت ئەم خەڵکە سەیرە ئەتواری
باوکی خوێەتی و ئەیکا مۆژیاری

ڕەنج بۆ منالی بێ دین وەهایە
لەگەڵ باوکی خۆی وا بێ وەفایە

بابە خواستی من وایە بتوانم
چێ بەجێی بکەم ئەرکی سەرشانم

لە خوا ئەخوازم تۆ ڕازی بی لێم
ووشەی بێزاریت نەیەتە بەرگوێم

بەڵکو خوای گەورە مەیلی وەهابێ
جوتیار بۆ باوکی زۆر بە وەفا بێ

# دڵپاك و شیواو

بەیانی زووە قوتابی هەموو
بۆ قوتابخانە بەسێ سێو دوودوو

کەوتوونەتە ڕێ جادەکان پڕن
دەستەیە کچن دەستەیە کوڕن

بزەی سەر لێو بەیانیت باش
ناو بە ناوێك سڵاوی خواش

زۆربەی زۆریان دڵ براون
بای نەفامی کێژی داوون

سەروملڕووت سنگ بەرەڵڵا
بەچکە ئیسلام هەزار شەڵڵا

بە تەسکەرەش بێدینە بوون
وەك سەردەمی دێرینە بوون«١»

ناو بە ناوێك وەكو دەرمان
تێدەپەڕین كیژانی جوان

بە بەرگێكی موسلمانی
پڕ لە حەیاو میهرەبانی

بە شەرمەوە ڕێ دەپێون
ئیكا دلی شەكرە سێون

ئیشكی خۆرن لە دەم كەلا
هەلهاتوون لە نێو كەلا

دلپاك یەكێ لە مانەیە
حۆرەیەلعەینی زەمانەیە

لە جوانیا بێ وێنەیە
هەلكەوتوی ئەو شوێنەیە

«١» سەردەمی دێرین: كاتی نەفامی پێش ئیسلامە، چونكە ئەم جۆرە ڕەوشتانە وەكو ئوستوورەی... دەیگێڕێتەوە هی سەردەمی نەفامیەكەی پێش ئیسلامەتین .

هەمــوو کەسێ بە ئاواتە
خـوا پێی بدا ئەو خەڵاتە

بەسەر شۆستەی شەقامێکا
لە گەڵ یەك دوو زەلامێکا

لە وە دەچوون کە برای بن
پارێزەر و ڕێ نمای بن

لە کێ ؟ لە پیری هەرزە
چونکە ڕەوشــتی بەرزە

نایەوێ لەکەدار بێ
لە پرێکا دوو چار بێ

شەرەف ناسە ئەوەك هەوەس
ئەم بەهرەیە نادا بە کەس

بەم شێوەیە و بە مەردانە
ڕووی نــاوەتە قوتابخــانە

بێ گومـان زیرەکیشە
هــەولی داوە هەمیشــە

ڕێزی مامۆستای دەگرێ
تا ئەوجێیە بۆی بکرێ

لەگەڵ هاوەڵەکانی
خەیلێ بە میهرەبانی

پەیوەندی زۆر بە هێزە
بۆ ئەوەی خاوەن ڕێزە

بە پەروەردەی خێزانی
گەیوەتە کامەرانی

هاو قوتابی سەرمێزی
دڵپاک دەیگرێ ڕێزی

شێواوی هار و هاجە
تا بڵێی بێ ڕەواجە

ناشکرێ ڕێزی هیچ کەس
کەوتۆتە شوێنی هەوەس

نە کەسی لا گرنگە
نە لە دەرسا زرنگە

بەڵێ جوانە بە دیمەن
نەرم و نۆڵە وەك چیمەن

بەڵام بۆ هەموو لاوێ
ئەم ئەنیتەوە داوێ

لە ڕێگای قوتابخانە
بووکە شووشەی هەموانە

خۆ فرۆش و نەفامە
هەڵس و کەوتی بێ تامە

بە پەروەردەی خێزانی
تووشە بەسەرکەردانی

**دڵپاك** خۆی ئەکا بە ژووری قوتابخانەداو بە ئەو پەڕی ڕێزەوە ڕوو ئەکاتە دەستە خوشکەکانی و دەڵێ :

سڵاوی خوای میهرەبان
لە ئێوەی دەستە خوشکان

پاش چاك و چۆنی کردن
ڕێزی فراوان کردن

چوو بە لای شێواوەوە

بە هەستی تەواوەوە

سڵاوی گەرمی لێ کرد

جوابی داوە دەست و برد

**شێواو** : بە کاڵتە پێ کردنێکەوە دەڵێ :

چۆنی خوشکی بە دینم

لە خۆشیا بت بینم

**دڵپاك :**

باشم لە سایەی خواوە

تەندروستیم تەواوە

**شێواو :**

دڵپاك ئەرکی ئەمڕۆشمان

حەل نەکراوە بۆ شمان

نازانم تۆش وەکو من

یاسی لە سەعی کردن

بە ڕاستی خواردوومە گیر

نازانم چی یە تەگبیر ؟

## دڵپاك :

شێواو من وەكو تۆ نیم
دەزانیم خەریكی چیم

زانیاریم لا مەبەستە
پێنووسم پڕ لە هەستە

تەرخانە دل و هۆشم
بۆ هەولدان پەرۆشم

چونكە ڕزگاری كەرمە
لە هەرچی دەردی سەرمە

جگە لەوەش خوای مەزن
سەلمانەویەتی بە من

كە مایەی بەختیاری
بە زانینەو هۆشیاری

پێنووسە چەكی دەستم
بۆ گەیین بە مەبەستم

قوتابخانە هەلێكە
بۆ ڕزگاری كەلێكە

نرخ و ڕێزی بزانێ
تا ئەو شوێنەی ئەتوانێ

بدا هەوڵ و تێکۆشان
ئەوەك چوون ئێمەی ئەزان

نازانین خوێندەواری
پێویستە بۆ ڕزگاری

لە چی کۆسپی ژیانە
پەرێزە قوتابخانە

## شێواو :

دڵپاك بە ڕاستی سەیری
بەسیە با نەبم دەیری

ئەڵێی دنیات نەدیوە
مۆدێلت نەناسیوە

سەردەمی ڕابواردنە
نامە بۆ یەك ناردنە

کێ دەی پەرژێ هەمیشە
خوێندن بکا بە پیشە

تا سەر ئەدەم لە شوێنێ
کاتی سەعیم نامێنێ

شەو لە گەڵ دەنگەکەما
تا دەچینە سینەما

دێینەوە شەو درەنگە
یا هەندێ شەو ئاهەنگە

تێ دەپەڕێ نیوە شەو
چاوم پەڕۆشە بۆ خەو

بۆ بەیانیش هەر ووڕم
ئەوەندە ساردو سڕم

تۆ ناگەم لە مامۆستا
بێ مەیلم لە گەڵ دۆستا

هیچم بۆ ناکرێ لە بەر
گلەیشم دێتە سەر

بە ڕاستی قوتابخانە
ئەرکێکی زۆر گرانە

لە بەر کاکم نەبوایە
شەرتە وازم بێنایە

من پەروەردەی گەڕانم
شێتی مۆدە و سەیرانم

ئەلەفزیۆن و شانۆ
ساز و گیتار و پیانۆ

بوونەتە خولیای سەرم
هەمیشە چاو لە دەرم

کەی دێ چنوور یا ئاوات
ئارایشتێکم دەکات

دەچینە سەر شەقامێ
لە گەڵ دوو سێ زەلامێ

دەستە کەین بە پیاسە
تۆزی نەدەین هەناسە

دوور لە چاوە دیزی مـاڵ
دەچینە دنیای خەیـــ اڵ

وازی دڵ هەڵـدەڕیژین
تامی ژیان دەچێژین

ووت و ویژی دلداری
پڕیە لە فیــ داکاری

تۆی بێ ئاگا چـووزانی
شــەیدایو میهـــــ رەبانی

## دڵپـاك :

شــێواو ســەرم ســوڕماوە
لەوەی لــــە تۆ ڕووی داوە

هەر تــــەواو سەر گەرداتی
گەرچی بــــە خۆت نـازانی

ئەمانـە کەی ڕەووشـتن .
نرخی داوی بــە کوشتن .

دەنك و زەلام کەی ئیشـە
تۆ دەیانکەی بە پیشـە

گەنجی ئـەمڕۆ سەرچڵن
لە کوێ دەربەسی دڵن

فریـو و دەرخوارە دەدەن
هەتاکو دەتکەن بەپـەن

دوایـی بـەبێ وەفـایـی
هەر بـە خوتو خـۆڕاییی

وازیشـت لێ دەهێنن
قـالیشـت دەز ڕێنن

جگە لەوەش خوای مەزن
فـەرمانی داوە بـە ژن

لـە مـالا پـێ داپگرن
ڕێزی خۆیـان ڕابگرن

نـەچنە دەر بەبێ هەرمان
نەك هەرمانی داو دەومان

نابێ بـەرەڵلا و ڕووت بن
لـەگەڵ نا محرەم جووت بن

ئافرەت ئەبێ ئامێ بێ
بەرگەکەی ئیسلامی بێ

نابێ کورت و تەنک بێ
درزی یەخەی تاسک بێ

یا تەسک بێ لە بەریا
لە شوێنی زۆر خەتەریا

سەری پەتی و قۆڵی ڕووت
نرخی ژن دەکا نابووت

ئافرەت خەیلێ گرانە
بەڵام خۆی لێ نەزانە

خۆی نەکا بە هەڵماتێ
دەستی پیری شەللاتی

تێ ناکەوێ لە ژینا
گونجاوە لەگەڵ دینا

شێواو ڕێزم بۆ ئێوە
کارو بارتان پەشێوە

تۆ ئەبینم سەرگەردان
کەی خواردوی نامەردان

بە وێنەی بێهەشتی دەم
دەگوێزێتۆ لەوو لەم
سەیرە ڕەووشتەکانت
بوونەتە خۆرەی گیانت

چاک سەرنجم لێ داوی
تۆی بۆ ئاکا دۆڕاوی
دەت بینم لەسەر بووردە
لە درشت و لە وورده

هەر خەرجی کاڵای بەرت
میکیاج و شامپۆی سەرت
بایی پێنج شەش دینارە
لە کوێی دێنێ ئەو پارە ؟

بێجگە خەرجی ئەم لاو لا
قوتابخانە و سینەما
بێگومان بازاڕی ناز
ئەم شتانە دەکا ساز

بەڵام نازی سەر شۆڕی
نەفامی و ڕەووشت قۆڕی

شێواو هەرچی سەیرانە
لەگەڵ هەندێ بێگانە

دەچی بە هەفتە دیار نیت
پێم ناڵێی سەرگەرمی چیت؟

خوا بیبڕێ کەسوکارت
کە تۆ وایە ئەتوارت

کەی ئەوانە بەشەرن
شەرەفیان چاو لە دەرن

شێواو زۆرم پێیە بۆت
ڕوو بەڕوو دەیڵێم بە خۆت

لەسەر ئەم بەزمە بڕۆی
تاڵاوی سووکی دەخۆی

کاتێ ئەزانی وترا
شێواو ئەوەی پێ کرا

هەی نەفامی بەرەڵڵا
بۆ کچ حەیایە قەڵا

ئافرەت بیبیلەی چاوە
بە برژانگ تەواوە

تـــیری برۆ جوانیەکا
شـــەرمە خانومانیەکا

یا پەوینەی گوڵ وایـــە
مـاوی دڕك و کەڵایـــە

دڕکی نـــەبوو وەڕیـوە
کـەڵای نـــەبوو ڕزیوە

یـــا بـڕێ چکلێت بێنە
کامەی جوانـــە بۆ هێنـــە

لێی داماڵـــە بەرگەکەی
دەری خەز ـــاو جەرگەکەی

بزانـــە کەس بێزی دێ
ئـــەو بۆ بـــەرگە هەلکـرێ

مەگەر مەگەز یـا خۆ مێش
بـــە گەرمی لێی بێنە پێش

شێوام بـــەسیە بۆ تامی
واز بێنە لـــە ئـــەدامی

ڕوو بکەرە بـــاوەڕێ
دوورە لـــە هەموو شەرێ

ڕوو بکەرە ڕێبازێ
چی مەردە پیا دەنازێ

ڕوو بکەرە نیشانێ
نرخ و ڕێزت بۆ دانێ

ڕوو بکەرە شعورێ . .
بەرگی خورەمێ ئەدوورێ

ڕوو بکەرە ئەو دینە
بۆ بەشەریەت نگینە

ڕوو بکە ئەو ئیسلامە
چاوانەی هەست و فامە

ڕوو بکەرە ژیانێ
نەخشە بلۆ ژینت دانێ

ئیسلام بۆ هەردوو ژیان
دایڕێژاوە یاسای جوان

شێواو هەر بۆ ئەم دنیا
ئیسلامە تاکە ڕێگا

که مایەی شانازی بێ
هەستیار بۆی ڕازی بێ

## شێواو

خوشکی بەڕێزم دڵپاک
سوپاس بۆتۆی بیر ڕووناک

زۆر بە خۆما دەم نازی
بە هەستی پڕ شانازی

لە سنوور دەرچوومە دەر
بە جۆرێکی کاریگەر

پێلانم دانەڕێژرا
تەرمی ناهڕو مەنێژرا

لە گەڵ زۆرا بەڵێنم
داوە سنوور بشکێنم

ئەو سنوورە بەڵایە
چی ئافرەتی دنیایە

زۆر پێویستی پێیەتی
پاسەوانی ڕێیەتی

نازانم منی ساده
بۆ وا زوو بووم ئاماده

هەر بە تۆزێ تێکەڵی
دەستم دایە هاوەڵی

لە گەڵ هەندێ فریو دەر
ڕێی نەفامیم گرتە بەر

بە ڕاستی منیش کێلم
خەڵافاوی مۆدێلم

سوپاس بۆ ئەو خوایە
شێواو لێی بێ ئاگایە

هەر ئەو هەرزانە چاك بوون
لەگەڵما داوێن پاك بوون

ئەگینا منی ئەگبەت
زۆرم ئەدانێ دەرفەت

داڕزێن دایکو بابێ
غەم خۆری ئەوەی نابێ

کەی ئەوانە ئینسانن
مانای شەرەف نازانن

بە راستی من هەتیوم
لە ژینا خێـــر نەدیوم

دڵپـاک دەسـتم دامانت
تو بیو خـواو ویژدانت

چەقیـــوم لە لیتـاوی
گێل و سەر لێ شێواوی

بەڵکو رزگـارم بکەی
کەمن هۆشیارم بکەی

تـــۆ بیەرە رابـــەرم
بە ڕێگـا پـهانــدەرم

وا لە بەردەمی خــوادا
خۆم لە شـەیتان پەنادا

پەشـیمانم لە کردوو
لە نەفـــامی رابوردوو

تۆش ئەگەر موسـلمانی
هەر چـۆنی لێ دەزانی

لە پەندو ئامـۆژگاری
بمبە بـۆ بەختیـاری

هەتا ئەمـڕۆ نەفام بووم
وا ئێستاکە ئیسـلام بووم

تـۆ بیو پەروەردگارم
گەر نەبیتە غەم خوارم

**دڵپـاك :**

شێواو ئەی خوشکی بەڕێز
تەنها باوەڕی بە هێـز

بە ڕێبـازەکەی ئیسـلام
بە مرۆڤ دەبەخشێ فام

لە شـیرازەی قورئانا
مـرۆڤ وا لە ژیـانا

دێی لە گەلما بۆ قورئان
حازرم بە دڵ و گیان

تۆیش بکەم بە شاگردی
شارەزات کەم بە ووردی

دەیکەین بە ڕێ پێشاندەر
هەتا ئەبین بەختەوەر

من ئاوایە بڕیارم
هەر بەوەش بەختیارم

**شێواو :**

دڵە گیان دڵنیابە
گومان لە دڵتا لابە

خوشکی گوێ ڕایەڵ ئەبم
بە قورئان تێکەڵ ئەبم

هاوڕێکانی ئەفامیم
دەگۆڕم بە ئیسلامیم

ئەوەی نایە لە شوێنم
پەیمان بێ نای دوێنم

لەگەڵ کوڕی نامحرەم
مەرجە پەیوەندی نەکەم

ئەبێ هەتاکو ماووم
قورئان بێ نووری چاوم

بۆیە دڵپاک بڕیاری
دا بە شێواو یەکجاری

ناوێکی نوێی لێ بنێ
ئەو بەرکەشی دابڕنێ

بەرگی حیجاب«١» لەبەرکا
ئەوسا هاتوچۆی دەرکا

ناوی گۆڕی بە شەیدا
حیجابی بۆ کر پەیدا

بوون بەخوشکی خواناسی
لە سەر شێرازەی ڕاسی

ئێستەش هەر تێکۆشەرن
تا بڵێی بەختەوەرن

---

«١» ئەمڕۆ مژدەی حیجابە انشاالله لە داهاتوا ئافرەتە موسولمانەکان مژدەی ئیسلامانەی لەوە باشتر دادەهێنن

# بەهارێکی خۆش

صالح

بە ناوی زاتی گەورە و کردگار
دیسان بە ناوی پێشەوای نازدار
بۆ گیانی ئەوەی لێ بڕا بە دل
لەگەل ئیسلاما تا ئاخر مەنزل
هەزاران سلاو لە قولایی دل
پێشکەشی گیانیان شیرین تر لە گول
دیسان وا زستان خۆی دا لەبەهار
خۆی ڕازاندەوە دامێنی کۆسار
گولالە چین چین لەم یال بۆ ئەو یال
ئەتارەیان بەست زەردو شین و ئال

بووکی نەوبەهار ئیتر خۆی ئەخشان
دەم بە بزەیە و بەرەو ڕووی ژیان
خورەی بەفراوان قاسپە قاسپی کەو
پەلکە زێڕینەی ئیشکی مانگەشەو
ئەمانە هەمووی وەصفی بەهارن
بەلکەی مرۆڤی خاوەن ویقارن
سروشتی خواوەن ئەیرازێنێتۆ
دایکی ئارەزوو ئەیلاوێنێتۆ
ئەمانە پەنەن بۆ ئەوەی ئینسان
پڕ بەدڵ ڕاکا بەرەو ڕووی ئیمان
بچێتە باوەش دین پەروەریتی
بژی بە مەردی نەک سەرسەریتی
ئا بەم بەهارە ئەبێ دەستخەڕۆ
شیرازەی ژیان نەیکا ڕەنجەڕۆ
ژیان ئەکاتە مۆلگای ئارەزوو
زۆر بەهارمان دی هات و بەسەرچوو
بەهار نموونەی زیندەوە بوونە
بۆ تێفکرانی هێزی گەردوونە

بۆ حەیوانـــاتیش، هەوەس بـازیـــە
بەتایبەتی کەو زۆر پێی رازیـــە
بەس حەیفە ئینسان بـیر نەکاتەوە
خۆی بەنەفسی خۆی جواب نەداتەوە
ئێمەیش هەر وەکو کوڵاڵـەی بـەهار
بەرەو ڕووی ژیـان ئەبەستین قەتـار
لـە خۆڵ هاتوین ئەبینۆ بـــەخۆڵ
ئەمان . . دارژاو هەزار نەرمو ۆڵ
شـــالاوی مردن وازی نـــەهانی
کەس خۆشی نـەدی لـە دنیای فانی
جا بۆ نـــەبینە ئەوانـــەی کەوا
ساتێ غافڵ نین لـــە ترسی خوا
خواش مژدەیـەکی وەهای پێ داون
پێی دل ئارامن هەتاکو ماون
کاتێکیش مردن یەکسەر بۆ بەهەشت
ئەوەیە خۆشی و ڕابواردن و گەشت
ئەوەیە بەهلو ، ئەوەیـــە سەیران
ئەوەیـــە چرای مردن و ژیـان

ئەوەیە بەهار دوور لە کوتایی
ئەوەیە نوور و رەحمەتی خوایی
بەم ژینە کەمە مەبە دەس خەڕۆ
بەرەو ژینێکی بەردەوام بڕۆ
یەکێ رازی کە ئەم زەوی و زارە
مردووەو ئەیکا ئا بەم بەهارە
یەکێ بناسە دروستی کردی
لە نەبوون ئاوا بەدی هاوردی
یەکێ بناسە چاودێری کەرتە
خۆشحالی خۆش و پەستی زەوەرتە
ئەی مرۆڤ ئەگەر چاك خۆت بناسی
هەرگیز لانادەی لە ڕێگەی ڕاسی
دەبڕۆ بکەوە شوێنی ئەو زاتە
بە تۆی بەخشیوە ئەم مەعلوماتە
قەت برا مەدەن بە دەستە برا
فەرمووەکانی بکەن بە چرا
قورئان وێڵ مەکەن بۆ خاتری بەهار
تکایە تکا هاوارە هاوار

خوا مەرەنجێنن بۆ قسەی هیچ کەس
با نەڕۆین لە شوێن ئارەزوو هەوەس

ئێمەین جێگری ئەو پێغەمبەرە
کەوا سەر مەشقی هەموو بەشەرە

فەرموودەکانی با نەکەین زایە
بۆ ئەم ئیسلامە ببین بە پایە

گەر موسلمان بین هەموو بەیەکجار
پایزی ژینمان ئەبێ بە بەهار

کەلیمەی پایز نامێنێ ناوی
ژیان بەهارە بێ ناتەواوی

دەبا لێ نەوین هەموو بە یەکجار
پایز بگۆڕین بە ووشەی بەهار

منی جوتیاریش ئامادەم بە دڵ
سەرم بۆ ئیسلام بنێمە ژێر گڵ

١٩٥١/٣/١٢




بە گەرمایی خۆر هەڵمی دەریاکان
بەرزەبێتەوە بەرەو ڕووی ئاسمان

گەییە هەوای سارد دەبێ بەوەهەورە
دەیکا بەباران ویستی خوای گەورە

هەوا ئەم ئاوە دەبا بۆ شوێنێ
ڕووەکی مت بوو بەرهەم دەهێنێ

پاشان ئەم ئاوە دەبێتە کانی
دێتە دەرەوە بە ڕوونی و جوانی

کانیاوەکانیش دەبن بە رووبار
رەوەو دەریاکان دەکشێن سەرەوخوار

جێگای سەرنجن ئەم ئاڵو گۆڕە
هەوا دەریایەو هەوریش پاپۆڕە

یا قورئانەڵێ با تۆیش بیزانی
هەوری بێ جووتە نیە بارانی

وانە نێرو مێ دەبن تێکەڵاو
ئەوسا دەبارێ خوڕەم و سێلاو

یا ئاوی پیس و سوێراوی دەریا
پاڵفتە ئەکرێ بە فەرمانی خوا

سوێراو بەتیشکی خۆری ئاسمانی
ئامێنێ کاتی هەڵم هەڵسانی

بارانیش زەوی دەیکا پاڵفتە
دەبینی کانیاو خاوێن و سفتە

ئەمانە هەموو دەکەن هاواری
بڕوا هێنانی پەروەردگاری

١٩٧٩/١٢/١٨

ئەپاڕێمەوە لەخوای گەورە ئیمان وەرگرێت

بە هیوای بە یەك گەیشتنەوەیەكی تر

نرخی ( ٢٥٠ ) فلسه

چاپخانەی کامەرانی سلیمانی - تەلەفون ٢٣٥٠٨
١٤٩ - ٢٠٠٠   ١٩٨٠/١٢/٢٢
رقم الايداع فى المكتبة الوطنيه (١٦٢٨) لسنة ١٩٨٠